# بەرنامەی سیاسیی

# کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

پەسەندکراوی کونگرەی ژن ژیان ئازادی (کونگرەی ١٤)

مانگی گوڵانی ١٤٠٣ ، مانگی مەی ٢٠٢٤

# پێڕست


١. بایەخ و سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕوانین و ڕێبازی کۆمەڵە لاپەڕەی ٣

٢. کۆمەڵە و خەباتی سوسیالیستی لاپەڕەی ٦

٣. کۆمەڵە، پرسی نەتەوەیی کورد و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی لاپەڕەی ١١

٤. کۆمەڵە و پرسی یەکسانیی ڕەگەزی لاپەڕەی ١٣

٥. کۆمەڵە و پەیوەندی و هاوکارییەکان لاپەڕەی ١٧

- کۆمەڵە و حیزبەکانی کوردستان لاپەڕەی ١٧
- کۆمەڵە و نەتەوەکانی تری ناو جوگرافیای سیاسیی ئێران لاپەڕەی ١٩
- پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆمەڵە لاپەڕەی ٢٠

٦. کۆمەڵە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لاپەڕەی ٢٠

٧. کۆمەڵە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لاپەڕەی ٢٢

٨. لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا لاپەڕەی ٢٣

٩. بایەخ و بنەما گشتییەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات لاپەڕەی ٢٥

١٠. سەبارەت بە بەیانییەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و هتد لاپەڕەی ٢٦

١١. کۆمەڵە و  ئایین لاپەڕەی ٢٧

١٢. سەبارەت بە سەرچاوە سرووشتییەکان، ژینگە و ئاسەواری مێژوویی کوردستان لاپەڕەی ٢٨

## بایەخ و سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕوانین و ڕێبازی کۆمەڵە

پێشەکی

ئەم بەرنامە سیاسییە ئەو بایەخ و بیر و تێڕوانینانەیە کە بنەمای سیاسەتەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانن.

کۆمەڵەیی زەحمەتکێشانی کوردستان حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە شێوازی ڕوانینی چەپ و سوسیالیستیە، هەر بۆیە بناغەی بیر و خەبات و چارەسەرەکانی بۆ هەموو ستەمەکانی سەر نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان لەو ڕوانگەوە سەرچاوە دەگرێت. سیاسەتەکانی کۆمەڵە لەسەر بنەمای مافی ئینسان بۆ سەربەستی، بڕیاردان لەسەر هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیی بە ژیانی سیاسی و ئابوورییانەوە هەیە، ژیانێکی شیاوی گونجاو لەگەڵ دۆخی سەردەم، یەکسانیی بایەخی مرۆڤەکان و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان دانراوە.

ئاواتی لەمێژینەی مرۆڤ بۆ ئەوەی بگاتە کۆمەڵگەیک کە تێدا ژێردەستەیی، چەوسانەوە، هەڵاواردن و نایەکسانی نەمێنێت و ئینسان تێدا بتوانێت سەربەست و ئازاد بێ هێشتا نەهاتووەتە دی. مێژووی مرۆڤ پڕە لە خەبات بۆ گەیشتن بەو ئاواتە و ئامانجانە. کوردستان مێژوویەکی دوور و درێژی پڕ لە هەوراز و نشێو و قوربانیدان و دەسکەوتی لەو ڕێگەیەدا هەیە و کۆمەڵە وەکوو حیزبێکی کوردستانیی چەپ خاوەن ئەزموون و مێژوویەکی دیار و بەرچاوە و هەر بەو پێیەش کاریگەریی لەسەر مێژووی خەبات لە کوردستان بووە و ئەرکی تایبەتی لەو خەباتە دەکەوێتە سەرشان.

ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لە چەند دەیەی ڕابردوودا، گۆڕانکاریی بەرچاوی لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستاندا پێکهێناوە. کۆمەڵە لە دوای ڕووخانی ڕژیمی داگیرکەری پاشایەتی کاریگەریی لە سەر بواری کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیانی خەڵک لە کوردستاندا هەبووە و ئاڵاهەڵگری

دەستەبەرکرانی مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و بەکردەوە بەشێکی شێلگیر و پێشکەوتنخواز بووە لە خەبات بۆ ڕزگاریی خەڵکی کوردستان و هاوکات خەباتکاری شێلگیرانەی دژ بە چەوسانەوەی ستەملێکراوان و چینە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا کردووە و پەرەپێدەری فەرهەنگی چەپ و سوسیالیستی بووە. خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ناوی کۆمەڵە تێکەڵە و کۆمەڵە خەباتکاری بەرچاوی ئەو مەیدانە بووە و گەلێک سوننەتی نوێ و پێشکەوتووانەی لە کۆمەڵگادا جێگیر کردووە.

ئاڵوگۆڕە سیاسیی و ئابوورییەکان و قووڵتربوونەوەی کەلێنی چینایەتیی لە ئاکامی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر کوردستاندا، لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە، گەشەی وشیاری و مافخوازیی نەتەوەی کورد، لە هەموو کاتێک زۆرتر حوزووری چەپێکی دیموکرات و سوسیالیستی بۆ ڕزگاریی خەڵکی کوردستان لە دەست ستەمی نەتەوەیی و هەوڵ بۆ دامەزراندنی سیستەمێک لە سەر بنەمای دادوەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دابینکرانی ژیانێکی شیاو بۆ چین و توێژە چەوساوەکانی کردووەتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر. کوردستانی ئەمڕۆ کۆمەڵگایەکی لێکئاڵاوتر، ڕێکخراوتر و مۆدێرنتره و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی لەو بوارانەدا بەخۆیەوە بینیوە. ئەوڕۆ بەشێکی بەرچاوی جەماوەر و ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد، بەستێنێکی لەبارتر بۆ دەستەبەرکرانی مافە دیموکراتیک و مرۆییەکانیان بەدی دەکەن و بە مافی خۆیانی دەزانن کە ئیرادە و بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی سیاسییان لە دەستی خۆیاندا بێ و ئەمە بە پێویستییەک دەزانن بۆ ئەوەی ڕەوتی دیموکراسی و مافخوازی لە کۆمەڵگادا بەهێزتر بێ.

بەرینایییەکی گەورەی کوردستان کە پێشتر لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا لاکەوتە و پەراوێزنشین کرابوو، ئێستا لە سەنگەرە هەرە ئاوەدانەکانی شۆڕشی کوردستانە. قووڵبوونەوە و بەرینبوونەوەی خەباتی نەتەوەی کورد وای کردووە چارەسەری یەکجاری و دیموکراتیکی مەسەلەی کورد و کۆتاییهێنان بە داگیرکەری، هەڵاواردنی ئابووری و ڕەگەزی و دیکتاتۆری ببێتە ئامانجێکی تاکتیکی و ستراتیژیک بۆ هەر ڕەوتێکی چەپ و سوسیالیستیی کوردستانی.

بۆ کۆمەڵە کە لە مێژووی خەباتیدا گەلێک نموونەی بەرچاو لە هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ جەماوەر و وەرگرتنی ڕەوایی و هێز و پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان بەدی دەکرێت ئەم مەسئەلەیە گرنگیی تایبەتی هەیە. نموونەی دیاری ئەو شێوازە لە خەبات کە پشتی بە هێزی جەماوەر بەستووە، کۆچی مێژوویی مەریوان بە پێشەنگایەتیی کاک فواد موستەفاسوڵتانی ڕێبەری بزووتنەوەی کوردستان و کۆمەڵەیە، کە شکۆدارترین خەباتی مەدەنیی جەماوەری لە کوردستان بوو بەرامبەر بە هێرشی ٢٨ی گەلاوێژ و هەوڵی دووبارە داگیرکردنەوەی کوردستان لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێران. کردەوە جەماوەرییەکانی کۆمەڵە لە سەردەمی ڕاپەڕین و ساڵەکانی دوای دەسپێکردنی خەباتی ئاشکرای لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییدا، کە کۆمەڵەی کردە بەشێکی سەرەکیی خەباتی سیاسی و جەماوەری، توانی کولتوور و ئاواتی نوێخوازیی هەم لە ناوەڕۆک و هەم لە شێواز و هەم لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردستاندا لە ڕەوتێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا ڕێک بخات و کۆمەڵە بکاتە نوێنەری ئەم دەورەیەی وەها ڕەوتێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئێستاش، کۆمەڵە دەتوانێت بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی خۆی، بە نوێکردنەوەی خەتی سیاسی و بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگا و بە ڕەخنەی گونجاو و ڕوون لە ئەزموونەکانی ڕابردووی، ببێتەوە جێگای هیوای جەماوەری بەرینی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان و لە هەلێکی مێژوویی دیکەدا کە ئەمڕۆکە لە ئاکامی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا ڕەخساوە، خەباتی ئەم نەتەوەیە بۆ دەستبەر کردنی مافە ئابووری و سیاسییەکانی ڕێک بخات و ڕێبەرایەتی بکات.

شۆڕشی ژینا ئاکام و دەسکەوتی ئەو ئاڵوگۆڕانانە بوو کە لە دەیەکانی ڕابردوودا لە کۆمەڵگای کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە و توانی هێزی بەرینی جەماوەر بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی داگیرکەری دواکەوتوو بێنێتە مەیدان و، ڕێباز و بیری کۆمەڵە بەشێکی گرنگی بنەمای ئەو نوێگەرییە بووە. کارتێکردنی ئەم شۆڕشە لەسەر ڕوانین و خەبات بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی، خەباتی دادپەروەریخوازانە، خەباتی کۆمەڵایەتی، بەرزکردنەوەی بایەخە ئینسانییەکان، بەرینکردنەوەی ئازادیخوازی، چەسپاندنی ڕۆڵی گرنگی ژنان لە هەموو مەیدانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکاندا و بینرانی ڕەنگە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی کوردستان حاشاهەڵنەگرە. لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانەی ئەو شۆڕشە بەدوای خۆیدا هێناویە و ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی لە کۆمەڵگا و لە ڕوانینی گشتی بۆ مافخوازی و کاری

سیاسیدا ڕوویانداوە، بەستێنێکی بەرینتر و ئامادەتر بۆ گەشەی بیری ڕزگاریخوازانە و ڕوانینی پێشکەوتوو و دیموکراتیک ڕەخساوە.

هاوکات شۆڕشی ژینا کارتێکردنێکی بەرچاو و قووڵی لە سەر شێوازی کاری حیزبی و چالاکیی سیاسیی ڕێکخراو هەبووە و پێداچوونەوە و خۆ نۆژەنکردنەوە و خوێندنەوەی سەرلەنوێی کۆمەڵگای کردووەتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر. بەو پێیەش داڕەشتنی سیاسەتی شیاو بە پێی دۆخی نوێی کۆمەڵگای کوردستان لە پاش و لەژێر کاریگەریی ئەم شۆڕشەدا ئەرکێکی سەرەکیی هەر حیزبێکی سیاسیی چالاک لە کوردستانە.

**کۆمەڵە و خەباتی سوسیالیستی**

کۆمەڵە حیزبێکی چەپ و سوسیالیستە. لە ڕوانگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە سوسیالیزم وەڵامی ئاواتی لەمێژینەی مرۆڤە، بۆ ئەوەی بگاتە کۆمەڵگەیەک کە تێدا چەوسانەوە، مافخوران و نایەکسانی نەمێنێ و ژیانێکی شیاو بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەستەبەربێ. کۆمەڵگایەک کە تێدا ئینسانەکان لە دەرفەت و ئیمکانی عادڵانە بۆ پشکووتنی لێهاتووییەکانیان و پێشکەوتن و چێژوەرگرتن لە ژیان و دەسڕاگەیشتن بە ژینێکی باش بەهرەمەند بن.

سوسیالیزم پرۆژەیەکی حیزبی یان بەرنامەیەک نییە کە دەسەڵات بەسەر خەڵکیدا دەیسەپێنێ بەڵکوو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و مرۆڤیە کە پێویستی بە سازکرانی بەستێنی فەرهەنگی و ئابووری بۆ هێنانە مەیدانی ئەو هێزە هەیە کە دەتوانێت ئەو سیستەمە وەکوو قۆناغێکی نوێی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ژیانی ئینسانەکاندا مسۆگەر بکا. ئەرکی حیزبێکی سوسیالیستی لەو مەیدانەدا ئامادەکردنی بەستێن، هەوڵ بۆ دانی وشیاریی چینایەتی، ڕێکخستنی چینی چەوساوە و کار بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوە و دامەزراوەی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و

نوێنەرایەتی و کارکردنە بۆ بەرژەوەندییەکانی چینی چەوساوە لە هەر جۆرە لە سیستەمێکی سیاسی و ئابووریدا کە لە وڵاتدا دادەمزرێ.  پێداگری لەسەر چاکسازیی بنەڕەتیی ئابووری و سیاسی لە قازانجی چینە بندەستەکان سەرەتای ڕێگەی گەیشتن بە دادپەروەری و یەکسانی لە کوردستانە.

لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا دەرکەوت کە بزووتنەوەی کوردستان لە ناوەڕۆکدا خاوەنی وزەیەکی پێشکەوتنخوازنە و چەپە و ڕەگەکانی سوسیالیزمی جەماوەری لە ناو خەباتی خەڵکی کوردستاندا ڕۆچووە. ئەم دوا ئەزموونەی خەباتی کوردستان بە جوانی دەریخست کە ڕوانینی چەپ چەندە لەگەڵ خواست و پێویستیی کوردستان بۆ پێشکەوتن و گەیشتن بە دنیایەکی شیاوی مرۆڤ نزیکە و خواستەکانی بزووتنەوەکە نەک لە دروشم و باسی فەلسەفی و سیاسیی قووڵدا بەڵکوو لە کردەوەدا لەگەڵ ئامانجەکانی ڕەوتی چەپ و سوسیالیستی تەبایە و ڕەوتێکی چەپ کە دۆخی تایبەتی کوردستان بناسێ و سیاسەتەکانی لە سەر بنەمای دۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵگاکە داڕێژێ دەتوانێت وەڵامی خواستەکانی بزووتنەوەکە بداتەوە.

بێجگە لە ئەو خەسارە گشتییانەی کە کاپیتالیزم وەکوو سیستەمێکی زاڵی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو جیهان هەیەتی، هەر ناوچە و شوێنێک بە پێی هەلومەرج و دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی و ئەو دەسەڵاتەی کە تێدا زاڵە خاوەنی تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ بەشێکە لە جوگرافیای سیاسیی ئێران و هەر بەو پێیە هەم شێوازی ئابووریی زاڵ بەسەر ئێراندا ــ کە دۆخێکی یەکجار خراپی هەیە ــ کار دەکاتە سەر کوردستان و هەم ئەوەی کە کوردستان وەکوو ناوچەیەکی داگیرکراو هەڵسووکەوتی لەگەڵ کراوە و لەو ئابوورییە لاوازەی ئێران کەمترین پشکی بەرکەوتووە کاریگەریی خراپی لە سەر ژیانی خەڵک داناوە. باری خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵک بە گشتی و چینی چەوساوە و هەژاری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بەرهەمی دەسەڵاتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ خەڵک بووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی دەسەڵاتی بەسەر کوردستاندا هاوکات لەگەڵ میلیتاریزەکردن بە چەکدار و هێزە سەرکوتکارەکانی شەڕێکی ئابووری ئاشکراشی لە دژی کوردستان بەڕێوە بردووە. حکوومەتی ئێران ڕێگری سەرەکیی بوونی کار و پیشە و پێشکەوتن و پشکووتنی ئابووریی کوردستانە و بە بەتاڵان بردنی کانگا و داراییە سروشتییەکانی کوردستان هەژاری بەرینی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. نەبوونی ڕێگەوبانی شیاو و ڕێگەنەدان بە دامەزرانی کارگە و کارخانەی گەورە لە کوردستان دەریدەخا کۆماری ئیسلامی وەکوو وڵاتێکی داگیرکراو هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردستان دەکا و لە داهاتووی خۆی و بەردەوامبوونی دەسەڵاتی لە کوردستان

دڵنیا نییە و بۆیە نایەوێ کوردستان ئاوەدان بێ و لەباری ئابوورییەوە کوردستان لە ناوچە هەر ستەملێکراو و بەشخوراوەکانی ژێردەسەڵاتی ئەو حکوومەتەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانێت گەشەی ئابووری و دۆخی لەباری ژیان و گوزەرانی خەڵک لە کوردستاندا دەبێتە هۆی پەرەسەندی خەبات بۆ ڕزگاری و مافخوازی و دەرفەت بۆ خەڵکی کوردستان زیاتر دەبێ بۆ ئەوەی هەوڵ بۆ ئەستاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان بدەن. لە لایەکیشەوە بەگشتی سەرچاوەکانی داهات لە ژێر ڕکێفی مافیاکانی دەسەڵات و ناوەندە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و دەستوپێوەندییەکانیان لە کوردستاندایە و ئەوە دۆخی ئابووریی کوردستانی نالەبارتر و گوشار بۆ سەر دانیشتوانی کوردستان بە گشتی و چینی هەژاری کۆمەڵگا بە تایبەتی زیاتر کردووە. لە کوردستان بێکاری و لاوازیی گەشەی ئابووری وایکردووە دیاردەی وەکوو کۆڵبەری بووەتە باو کە بە هیچ شێوەیەک شیاوی مرۆڤی سەردەم نییە و ڕۆژانە گیانی خەڵکی تێدا دەکەوێتە مەترسییەوە و کوشتن و برینداربوونی کۆڵبەران و دیاردەی کۆڵبەری لە ئاکامە بەرچاوەکانی ئەم چەوسانەوە و نادادپەروەرییە دیارەن کە کۆماری ئیسلامی و سیستمی سەرمایەداری بۆ کوردستانیان بەدیاری هێناوە.

نادادپەروەری لە دابەشبوونی سامان لە کۆمەڵگادا هۆکاری زۆربەی هەرەزۆری گرفتە کۆمەڵایەتییەکانە و چینی بێبەشی کۆمەڵگا زەرەرمەندی ئەو نادادپەروەرییەن. لاوازیی گەشەی ئابووری، نەبوونی دەرفەتی کار بە ڕادەی پێویست لە کوردستان، بێبەشبوون لە ئیمکاناتی یەکسان بۆ کارکردن، تەندرووستی، شوێنی باش بۆ ژیان و خۆش بژیوی، بێبەشبوون لە دەرفەت و هەلی یەکسان بۆ خوێندنی باڵا وپێشکەوتن و، مەترسیی تووش بوون بە گرفتی کۆمەڵایەتی و هتد لە خەسارە سەرەکییەکانی ئەو دابەشبوونە ناعادڵانەیەن.  چارەسەری بنەڕەتیی هەموو ئەم ئازار و گرفتانەی کۆمەڵگا و ئینسان تووشیان بووە نەمانی سیستێمی سەرمایەداری کە خولقێنەر و پەرەپێدەر و پارەێزەری ئەم دنیا نادادپەروەرانەیە و، خاوەنداریەتیی گشتی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگادایە.

لە دواڕۆژی کوردستاندا خەبات بۆ گەشەی دموکراسی لە خەبات بۆ ئامانجە سوسیالیستییەکان جیاناکرێتەوە ئەو خەباتە سەرەتای گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ خەڵکە و بەر بە دیکتاتۆری دەگرێت. لەو ڕێگەیەدا خەبات بۆ دەستەبەربوونی ئازادیی حیزبەکان و ڕێزگرتن لە پۆلۆرالیسم، ئازادیی بیروڕادەربڕین و چاپەمەنییەکان **گرنگیی** تایبەتیان هەیە و لە زەرووره‌تەکانی کاری ئێمەن.

خۆ بەستنەوە بە بۆچوونی کلاسیک و تەکرەهەندی لەو بوارەدا یان هەوڵ بۆ کۆپی کردنی شێوازێکی چالاکیی سیاسیی یان دەسەڵاتی سیاسی و مودێلێکی ئابووری بە بێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی تایبەتی شوێنی خەباتمان، واتە کوردستان،

دەتوانێت مەترسیدار بێ و نەک هەر دەسکەوتی نەبێ بەڵکوو دەتوانێ بێهیوایی دروست بکا و ڕەوا بوونی خەباتی ڕەوتی چەپ و مومکین بوونی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی بباتە ژێر پرسیار. ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی خەباتی چەپ لە مێژوودا هەرکامەیان لە ڕێگەیەکەوە قازانج و دەسکەوتی تایبەتیان بۆ چینی چەوساوە بەتایبەت و کۆمەڵگای بەشەری بە گشتی هەبووە و هاوکات خەسار و لاوازیی خۆیانیان بووە. بە بێ ناسینی ئەو خاڵانە و لێکدانەوەی دروستی کۆمەڵگای کوردستان لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ناتوانین سیاسەتێکی دروست بۆ گەیاندنی کۆمەڵگا بە دادپەروەری و یەکسانی دابڕێژین .

خەباتی سوسیالیستیی ئێمە لە دنیای ئەمڕۆدا پێویستە بە دەرس وەرگرتن لە سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی سەدەی ڕابردووی مرۆڤ بۆ گۆڕینی سیستمی سەرمایەداری، بتوانێ وەڵامێکی بۆ چارەسەری خاڵە لاوازەکانی ئەو هەوڵانە هەبێ و بیر لەوە بکاتەوە بۆ چی ئەو هەوڵانە سەرەڕای تێکۆشانی لەخۆبوردووانە و گیانفیداییی و خەباتێکی شکۆدار و زۆرجار جەماوەری نەیتوانی بگەنە ئامانجی کۆتایی. نەبوونی لێکدانەوەیەک بە مێتۆدی ئینتێرسکشناڵ کە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بناسێ و گرنگی پێبدات و لەو ڕێگەوە داگیرکراوبوونی کوردستان و پەیوەندیی قووڵی دەسەڵاتی داگیرکەری زاڵ بەسەر کوردستاندا  لەگەڵ چەوسانەوەی چینایەتی و هەڵاواردنەکانی دیکە بخوێنێتەوە خاڵێکی لاوازی چەپ لە کوردستان بووە. ئەم مەسئەلەیە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەڕادەی پێویست گرنگی بە خاوەنداریەتی و ڕێبەرایەتیی خەبات بۆ گەیشتن بە ماف و سەروەریی نەتەوەیی کورد نەدراوە و وەڵامی مەسئەلەی نەتەوەیی زیاتر لە چوارچێوەی نەبوونی باوەڕ بە سنوور، نەتەوە و نیشتماندا فورمولە کراوە. ئەو بۆچوونە کە بە ناوی چەپەوە جێگەی خۆی لە ناو حیزبە چەپەکانی کوردستاندا کردبووەوە گەیشتبووە ئاستێک کە وای کردبوو کە تاکی کورد و تەنانەت چالاکانی چەپیش کاری تایبەت بۆ چارەسەری ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان و بیرکردنەوە لە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردی بە دیاردەیەکی دواکەوتوو و دژە چەپ بزانن و ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە کەلێنێکی گەورەی خستە ناو خەباتی ڕزگاریخوازانە لە کوردستان و ڕێگەینەدا چارەسەری چەپ و سوسیالیستی بۆ ئەو خەباتە دەستی باڵا پەیدا بکات. لە ئاستی گشتیی خەباتەکەشدا نەبوونی دموکراسی و پلورالیسمی سیاسی و، تەکڕەهەندی بوون و کەڵەکەبوونی دەسەڵات و ناکارامەبوونی سیستەمی ئابووری لە خزمەت کردن بە چینی چەوساوە لە بەرچاوترینی ئەو خەسارانە بوون کە ڕێگەیان لە بەئاکام گەیشتنی ئەو ئەزموونانە گرت.

بنەما سەرەکییەکانی کاری سوسیالیستیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بریتین لە دادپەروەری، ئازادی، یەکسانی، ئاشتی و سەقامگیری. **ئەم** فاکتۆرانە شێوازی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی دیاریدەکەن. ڕەوتی چەپ دەبێ پەرەپێدەری پشکووتنی ئەو پوتانسیل و ئیمکانانە بێ کە لە کۆمەڵگادا هەن و کار بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە نورمەکانی کۆمەڵگا و شێوازی دەسەڵاتدا بکا. ڕێکخستنی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە ئەو یاسا و ڕووداوانەی بە قازانجی چینی چەوساوە نین و بەربەرەکانێ و خەباتی بەردەوام و چاکسازیی لەسەر بنەمای خواست و ویستەکانی چینی چەوساوە، هەوڵ بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی ئاڵوگۆڕە خوازراوەکان بە قازانجی چینی چەوساوە ژمارەیەک لەو ئامرازانەن کە بۆ گەیشتن بە سوسیالیزم بەدەستی ڕەوت و بزووتنەوە و هێزی چەپی کۆمەڵگاوەن .

جیاوازیی ڕوانگە نەزەری و فیکرییەکان، لە نێوان بزووتنەوە و ڕێکخراوە سوسیالیستییەکاندا بە پشتبەستن بە دیالۆگی بنیاتنەر دەتوانێت ڕەوتی چەپ بەهێز بکا و لە خەباتی ڕۆژانە و جەماوەری بۆ گەیشتن بە دنیایەکی بێچەوسانەوە نزیکی بکاتەوە.

هیچ رەوتێک ناتوانێ بە تەنیا خۆی نوێنەرایەتیی هەموو چەپ لە کوردستان بکات. دیاریکردنی پێناسەیەک بۆ هەموو چەپ کە تەنها لە ڕوانگەی حیزب یان ڕێکخراوێکەوە پەسەندە، هەڵەیەکی کوشەندەیە کە تەنها دەبێتە هۆی دووبەرەکی و کێشە لە نێوان ڕەوتی چەپدا و هێزی مرۆڤی ئەم ڕەوتە لێک دووردەخاتەوە و دەبێتە هۆی پەراوێزکەوتن و لاوازبوونی ڕەوتی چەپ لە کوردستاندا.

قەبووڵکردنی پلۆرالیزمی سوسیالیستیی و هاوکاری لە نێوان ڕێکخراو و حیزبە چەپ و سوسیالیستییەکانی کوردستاندا مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی ڕوونتر لە خەباتی چەوساوەکانی کوردستندا بکرێتەوە. گەشە فیکری و نەزەری و بەرینبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی چەپ لە کوردستان، تەنیا لە رێگەی هەوڵی هاوبەش و دیالۆگی هاوڕێیانە مومکین دەبێت. ئێمە هاوئاهەنگی، دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ باقی ڕەوتە چەپ، سوسیالیست، دیموکرات و ئازادیخوازەکان لە باقی بەشەکانی کوردستان بە ئەرکی خۆمان دەزانین. ئێمە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی چەپ لە کوردستاندا تێدەکۆشین و پێمانوایە ئەوە پێداویستییەکی ئەمڕۆ و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. کۆکردنەوەی هێزی چەپ و سوسیالیست و بەهێزکردنی بزووتنەوەی سوسیالیستیی لە سەر بناخەی پلورالیزم و قەبووڵکردنی یەکتر

و هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی چەپی بەهێز بۆ ئێمە ئەرک و بەرپرسایەتیەکی مێژووییە و هەر لە ئێستاوە بە هەموو تواناوە کاری بۆ دەکەین.

ئێمە خۆمان بە هاوپەیمانی رەوتە چەپ و سوسیالیستی و دادپەروەریخوازەکانی کوردستان و باقی نەتەوەکانی ئێران و جیهان دەزانین. هەموو بزووتنەوەیەکی سوسیالیستی و حەقخوازانە لە جیهان جێگەی پشتیوانییە و پێوەندی گرتن و فێربوون لە ئەزموونەکانی ڕێکخراوە چەپەکان دەتوانێت یارمەتیدەری کۆمەڵە و ڕەوتی چەپی کوردستان بێ.

**کۆمەڵە، پرسی نەتەوەیی کورد و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی**

بناغەی خەباتی کۆمەڵە بۆ ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی لەسەر ئەو ڕوانینە دامەزراوە کە دەسەڵات بەسەر خاکی کوردستاندا مافی خەڵکی کوردستانە و هەر دەسەڵاتێکی سیاسی کە لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی نەتەوەی کورد خۆی بە سەر ئەم وڵاتەدا زاڵ بکات، نایاسایی و ناڕەوایە. لە ڕوانگەی ئێمەوە داگیرکراوبوونی کوردستان ڕێگری سەرەکیی سەروەری، ئازادی، یەکسانی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، و بەختەوەریی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکانە.

کوردستان لە سەدەکانی پێشوودا، مەیدانی ململانێ و شەڕی هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بووە و سەروەری، ئازادی و مافەکانی نەتەوەی کورد لەو کێشە و ئاڵۆزییانەدا ژێر پێ خراوە و کوردستان لەم دۆخە خەساری زۆری دیوە و بە پێی مەسڵەحەتی دەسەڵاتانی ناوچە و جیهان دابەش و داگیرکراوە. لە سەردەمی نوێدا، خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی و خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستان، بەردەوام درێژەی هەبووە. ئەم خەباتە خاوەن وزەیەکی بەرچاوی دیموکراتیک، سیکۆلار، پێشکەوتنخوازانە و جەماوەرییە. کوردستان لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، لە پێناو بەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهانی سەرمایەداری لە نێوان ئەو چوار دەوڵەتی داگیرکەرەدا

دابەش کرا و بوو بە قوربانیی سات و سەودایەکی ئەمپریالیستی. بۆیە لە ڕوانگەی ئێمەوە مەسەلەی کورد لە هەموو کوردستان لە ڕاستیدا یەک مەسەلەیە و ستەمی نەتەوەیی لە کوردستان یەک سەرچاوەی هەیە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە مافی دیاریکردنی چارەنووس تا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان مافێکی بێئەملاوئەولای نەتەوەی کوردە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو هەموو نەتەوە ئازادەکانی جیهان، خۆیان خاوەنی مافی دیموکراتیکی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی سیاسیی وڵاتەکەیانن، هاوکات ئەو مافە بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەڕەسمی دەناسین و پشتیوانیی لێ دەکەین.

کۆمەڵە لەبەر بڕوای بە مافی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان و بڕوای قووڵی بە گەڕاندنەوەی ئیرادە و دەسەڵات بۆ خەڵک، ڕێز لە هەر جۆرێک لە دەسەڵاتی سیاسی کە ئیرادەی دیموکراتیکی خەڵک لە داهاتووی کوردستان بڕیاری لەسەر بدات و هەڵیبژێرێ، دەگرێت. هاوکات لە باسی چارەسەری ستەمی نەتەوەییدا سەربەخۆیی بە ئامانجی دواڕۆژ و ئاسۆی بۆ ڕزگاریی یەکجاری لە ستەمی نەتەوەیی دەزانێت و لە ڕێڕەوی ئەو خەباتەدا بەشدار و ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ هەر دەسکەوتێک و هەنگاوێکی بەرەوپێش بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان دەبێت. لە ڕوانگەی ئێمەوە چوونەدەرەوەی هێز و سوپای داگیرکەر لە کوردستان مەرجێکی سەرەتایی و سەرەکیی گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافە زەوتکراوەکانیەتی. ئامانجی ستراتێژیکی گەیشتن بە کوردستانێکی سەربەست، یەکسان، عادیلانە و پێشکەوتوو دەبێتە هۆی هەڵبژاردنی ڕێکار و تەکتیکی دروست بۆ کاری ئەمڕۆ و داهاتووی نزیکمان و زەمینەی زەینی و فیکریش لە نێو کۆمەڵگادا ئامادە دەکات بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا دڵنیابن ئەوانە تەنیا ئاوات و خەیاڵ نین و دەبێ خۆمانیان بۆ تەیار کەین و بیانکەینە ڕاستییەکانی داهاتوومان.

لە زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی خوێناویی و سەرکوتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، سەرەڕای هێرشی بەرینی نیزامی و میلیتاریزەکرانی کوردستان، بۆمبارانی شار و دێ و گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجە و ئیعدامی بەکۆمەڵی خەباتکارانی کورد لە کوردستان، نەیتوانیەوە چۆک بە نەتەوەی کورد دابدات و لە خەبات بۆ ڕزگاری پاشگەزیان بکاتەوە و بەپێچەوانە نەتەوەی کورد تا هاتووە بەرەو خۆئاگایی، بەرزتربوونەوەی وشیاریی نەتەوەیی و هاوپشتی هەنگاوی ناوە و جوگرافیای خەباتەکەی بەرینتر بووەتەوە. ئەم خەباتە بە هەوڵ و کاریگەریی کۆمەڵە و ڕەوتە

پێشکەوتنخوازەکانی دیکەی کوردستان هاوکات پێشکەوتووتر، یەکسانیخوازتر و دادپەروەریخوازتر بووە. کۆمەڵە ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ئەم خەباتە ڕوو لە گەشەیە بە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەزانێت.

لە نێو بزووتنەوەی کوردستان و حیزبەکانیدا کۆمەڵە حیزبی هەوڵ بۆ ڕزگاری لە چەوسانەوە، ژێردەستی و هەڵاواردنە و خۆی بە حیزبی هیوا و ئاواتەکانی نەتەوەی کورد و چینی چەوساوە و مافخوراو دەزانێت. کۆمەڵە هەروەک چۆن لە سەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و ساڵانی دواتردا سەلماندی کە دەتوانێت بە داهێنانی نوێ و بیری پێشکەوتوو و ئینسانی یەکێک لە کاریگەرترین حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بێت و ڕێبەرایەتیی خەباتی نەتەوەیی بە ناوەرۆکی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانە و دژە هەڵاواردن بگرێتە ئەستۆ، ئێستاش دەتوانێت و دەبێ خەباتی جەماوەری و دیموکراتیکی خەڵکی کورد بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی ڕێک بخات و لەو خەباتەدا پەرەپێدەری پێشڕەوترین بیروبۆچوونی مرۆیی، دادپەروەریخوازانە، یەکسانیخوازانە و ئازادیخوازانەی سەردەم بێ.

## کۆمەڵە و پرسی یەکسانیی ڕەگەزی

بڕوای تەواو بە بایەخی یەکسانی ئینسانەکان بناغەی ڕوانینی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆ مەسئەلەی یەکسانیی ڕەگەزییە. هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و جنسییەت و مەیلی جنسی خاوەن ڕێز و مافی یەکسانن.

مافخواراو بوونی ژنان و کەمینە جنسی و جنسییەتییەکان خەسارێکی کۆمەڵایەتیی دنیای باوکـ پیاوسالارە کە سیستمی قازانجپەرەستی کاپیتالیزم بەرهەمیدەهێنێتەوە و بەهێزی دەکات و ئایینەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان یاسای بەهێزکردن و هێشتنەوەی دادەنێن.  بەڵام لە هەر شوێنێک لەوانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێی دۆخی کولتووری،

سیاسی، ئابووری، ئایینی و هتد، تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە ئاستی جۆراوجۆردایە و پێویستی بە چارەسەری گونجاو لەگەڵ ئەو دۆخە تایبەتەدا هەیە. بەشێوەی دیار داگیرکراوبوونی کوردستان لەسەر دۆخی یەکسانی لە کۆمەڵگادا وەکوو هەموو بابەتەکانی دیکە کاریگەریی نەرێنیی هەیە.

لە باسی یەکسانیدا، ژنان وەکوو ڕەگەزێک کە هەم ستەمە مێژووییەکە لەسەریان بەرچاوترە و هەم زۆرینەیەکی ستەملێکراون لە ناو بازنەی ستەمی ڕەگەزیدا و هەم خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژی خەبات لە جیهان و کوردستانن، پێویستە گرنگیی تایبەت بە خەباتەکەیان و بزاڤەکەیان بدرێت.

سەرەڕای بەرەوپێشچوونی بەهێز و باشی خەبات و بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا پێویستە کاری جیددی بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی وشیاریی کۆمەڵگا ــ بەتایبەت ژنان کە خەساردیتووی سەرەکیی ئەو نایەکسانییەن ــ بکرێت. ئەو وشیارییە دەبێتە هەوێن و هۆکاری بەهێزتربوون و بەرەوپێشچوونی زیاتری خەباتی یەکسانیخوازانە بە واتایەکی دیکە، ڕێگەی سەرەکیی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان لە کۆمەڵگایەکی وشیارەوە تێدەپەڕێت.

ساڵانی پاش ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژن بەتایبەت لە کوردستان بە خێرایی گۆڕانی بەسەردا هات. کۆمەڵە لە کوردستان زیاتر لە هەر ڕەوتێکی سیاسی دیکە، وەک حیزب و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان، ناسرا. پەیوەست بوونی پۆل پۆلی ژنان بە کۆمەڵەوە، چ لە ڕێکخستنەکانی شار و چ لە خەباتی پێشمەرگانە و لە سەنگەری شەڕی ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە داگیرکەر، شاهیدی فێمینیست بوونی کۆمەڵە و ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی کۆمەڵەیە بەرامبەر بە پرسی یەکسانیی ڕەگەزی و خەباتی ژنان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ستەم و هەڵاواردنەی لە سەریانە. ئەمە تایبەتمەندییەکی بەرچاوی مێژووی و جێ شانازیی کۆمەڵەیە.

ئەم بەشدارییە بەرین و پڕناوەڕۆکە یەکسانیخوازانەیە کە سەرەڕای بەستێنی نالەبار و دژایەتیی بیری دواکەوتوو توانی زەبرێکی گەورە لە هەڵاواردن دژ بە ژنان بدا و خەباتیان بباتە ئاستێکی نوێ و باسی مافی ژنان بکاتە یەکێک لە ئەجێنداکانی خەباتی سیاسیی کوردستان، ڕواڵەتێکی پێشکەوتووانەتر و ناوەڕۆکێکی یەکسانیخوازانەی ئەوڕۆیی بە بزوتنەوەی کوردستان بەخشی. ژنان لە کوردستان لە مەیدانی ئیعتیرازی سیاسی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان و سازدانی ڕێکخستنە پیشەییە نوێکان و دواتریش لە مەیدانی بەرگریی پێشمەرگانەدا، وەها بەشدارییەکی کاریگەر و چالاکانەیان بوو کە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان.

ئەمڕۆ و لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا کە کۆمەڵە ڕێخۆشکەر و ڕێکخەری بوو بەشداریی ژنان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی و، لە نێو ڕێکخراوە مەدەنی و سەربەخۆکاندا لە کوردستان، بەرچاوتر و بەرینترە. دەرکەوتنی سیمای جۆراوجۆری ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستی لە ناو ژنانی کوردستان و قورساییەکی زۆرتر دەبەخشێتە پێگەی ژنان لەم کۆمەڵگایەدا و شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بەڵگە حاشاهەڵنەگری ڕەوتی خێرای ئەو پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونەیە. هەر بەو پێیەش پێویستیی بەشداریی ژنان لە ڕێبەرایەتی و ڕێکخستنی حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکاندا و لە داهاتووی ڕزگاریدا لە هەموو ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵاتدا، حاشاهەڵنەگر و یەکلاکەرەوەیە. هەوڵ بۆ دابەشکرانی یەکسانی دەسەڵات و کاریگەریی کۆمەڵایەتی لە حیزب و کۆمەڵگا لە نێوان ژنان و پیاواندا مانای ئەوەیە سەرچاوەکانی بڕیاردان تا ئەو ئاستەی دەکرێ بە شێوەی یەکسان دابەش بکرێن هەروەها ژنان و پیاوان دەرفەتی یەکسانیان هەبێت بۆ ئەوەی لە بڕیارداندا بەشدار بن. ئەمە تەنها بەو واتایە نییە کە بە ئەژمار یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاواندا هەبێت بەڵکوو کاریگەریی یەکسان لە ناوەندەکانی دەسەڵات دەبێت دابین بکرێت.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و خێزانیدا خوازیاری یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو و ڕەگەزەکانی دیکەیە و پابەندە بە هەوڵ بۆ یەکسانیی تەواوی ماف و دەرفەتی ژیان و پێشکەوتن بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆیە هەوڵ بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەوارە خراپەکانی نایەکسانیی ڕەگەزی دەدا و ئامانجی سڕینەوەی هەڵاواردن لەسەر بنەمای ڕەگەز لە شوێنی ژیان و کار و نێو کۆمەڵگایە. لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە دەستەبەرکرانی مافە زەوتکراوەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا و هەوڵ بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە نایەکسانی و هەڵاواردنێکی ڕەگەزی و دابین کردنی دەرفەتی یەکسان لە هەموو شوێنەکانی ژیان، کار، خوێندن و ناوەندە دەوڵەتی و شەخسییەکان یەکێک لە سەرەکیترین کۆڵەکەکانی کۆمەڵگایەکی ئینسانییە.

خەباتی یەکسانیخوازانە بە هۆی بەرینی و قووڵبوونی ئەو ستەمە، خەباتێکە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و پێویستی بە کاری تایبەت هەیە و نابێ هێزی بزووتنەوەکەی بکرێتە قوربانیی خەباتی دیکە، یان وزەکەی لە خزمەت خەباتی دیکەدا بێ، بەڵام خەبات بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی لە خەباتی دیکەش هەڵنەپێکراوە و ستەمەکە دەبێ لە ڕوانگەی لێکدراوبوونی چەند لایەنەی ستەمەکانەوە ببیندرێ و زۆر ستەمی دیکە دۆخی خەباتی یەکسانیخوازانە لە کوردستان لە شوێنەکانی دیکە و وڵاتانی دیکە جیادەکاتەوە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیارترینی ئەو ستەمانە ستەمی نەتەوەیی و ستەمی چینایەتییە.

له داهاتووی کوردستاندا و پاش ڕزگاری له دەستی دەسەڵاتی داگیرکەر یاسای وڵات دەبێ بە پێی مەرجە یەکسانیخوازانە و مرۆڤییەکان  و دوور لە هەرجۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی دابڕێژرێت و تێیدا کاسبی کردن بە جەستەی تاکەکان و بەکارهێنانیان وەکوو کاڵای تیجاری (Trafficking)، هەموو ئەو کارانەی لە پەیوەندیی تاکەکەسیی ئینسانەکاندا ژن وەکوو کاڵا دێننە ئەژمار، هەڵاواردن لە ژیانی هاوبەش و پەیوەندیی خێزانی و خۆشەویستانە، توندوتیژی دژی ژنان و ڕەگەزەکانی دیکە لە هەر شێواز و فۆرمێکدا، دەستێوەردانی ئایین و کولتووری باوک/پیاوسالار لە یاسای مەدەنی و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مەسئەلەی ڕەگەزی قەدەغە بێ.

دەسەڵاتی سیاسیی وڵات دەبێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەسار و ئازارانەی ژنان لەبەر دەسەڵاتی باوک پیاوسالار لە کۆمەڵگادا تووشی بوون، پلانێکی درێژخایەنی بۆ یارمەتیی هەمەلایەنەی کەسانی خەساردیتوو و زوڵملێکراو هەبێ.

ڕێگەی سەرەکیی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان لە کۆمەڵگایەکی وشیارەوە تێدەپەڕێ. سیستەمی پەروەردە لە کوردستان دەبێ کار بۆ گۆڕینی نۆرمە پیاوسالارانەکانی کۆمەڵگا بکا و هەوڵ بدات بۆ جێگربوونی ڕوانینێکی یەکسانیخوازانە لەباتی ڕوانینێکی پیاوسالارانەوە و دوور خستنەوەی نەوەی نوێ لە تێگەیشتنە چەقبەستووەکان لەسەر دەور و ئەرکی ژن و پیاو و ڕەگەزەکانی دیکە لە کۆمەڵگا و لە پەیوەندییە تاکەکەسییەکاندا.

شۆڕشی ژینا و ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە و چالاکیی ژنان و بنەماڵەی پەلکەزێڕینە لەو شۆڕشەدا و ڕۆڵی بەرچاو و پێشڕەویان لە شەقامی کوردستان، دەریخست خەباتکارانی یەکسانیخوازی کوردستان لە ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیریدان و ئەم بارودۆخە بۆ کۆمەڵە دەرفەتگەلێکی نوێ دەخولقێنێت کە بە توانا و زەرفیەت و متمانە بەخۆبوونێکی زیاترەوە، پەرە بە هزری مرۆڤی و پێشکەوتووانە و یەکسانیخوازانە بدات.

چۆنیەتیی کاریگەریی ڕووداوەکانی وڵات، ناوچەکە و جیهان لە سەر دۆخی ژنان و مافەکانیان، لە هەڵوێستی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا بەرامبەر بەو ڕووداوانە کاریگەریی یەکلاکەرەوەی هەیە و یەکسانیخوازی یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەی کە کۆمەڵە سیاسەت، هاوپەیمانی و هاوکارییەکانی خۆی لەسەر دادەڕێژێت.

لە کوردستانێکی سەربەست و ئاوەدان و دیموکراتیکدا کە دادپەروەریی ئابووری لە ئاستێکی بەرزدا بێ و دەسەڵات و سیستەمی پەروەردە لەسەر بنەمایەکی مرۆیی و یەکسان دامەزرابێتن و کولتووری باوک/پیاوسالار و ئایینی پشتیوان

و پەرەپێدەری نەتوانن ڕێگری لە ئازادی و یەکسانی بکەن، ئامراز و پشتیوانی بۆ ئینسانی یەکسانیخواز زیاترە و دەرفەت بۆ ڕۆیشتن بەرەو ڕزگاریی یەکجاری لە زوڵم و ستەمی جینسییەتی تا ڕادەیەکی زۆر زیاد دەکات.

# کۆمەڵە و پەیوەندی و هاوکارییەکان

## کۆمەڵە و حیزبەکانی کوردستان

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەبەر بڕوای بە پلۆرالیزمی سیاسی و بوونی مەیل و ویستی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ لە کوردستان و حیزبی جۆراوجۆر کە نوێنەرایەتیی ئەو خواست و مەیلانە دەکەن، هەر لە سەرەتای چالاکییەوە هاوکاری و هاوئاهەنگیی حیزبە کوردستانییەکانی بە مەرجێکی سەرەکی بۆ بەسەرەنجام گەیاندنی خەباتی جەماوەریی نەتەوەی کورد زانیوە و هەموو ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری لە هاوکاریی دوو لایەنە چەند لایەنە یان بەرەیەکی بەرینی کوردستانی ڕاگەیاندوە و هەوڵی بۆ داوە. پێکهاتن و هاوکاری لە سەر خاڵە هاوبەشەکان و هەوڵ بۆ گەیشتن بە ستراتێژییەکی نەتەوەیی هاوبەش دەتوانێت خزمەتی گەورە بە بزاڤی کوردستان بکات و هێز و توانای بزووتنەوەکە دژی داگیرکەر یەکانگیر بکات و هیوای جەماوەر بە سەرکەوتن گەشتر بکات.

له پەیوەندی لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان ڕوانینی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەم خاڵانەدا چڕ دەبێتەوە

- کوردستان ڕەنگاوڕەنگە و مەیل و ویستی جیاوازی تێدایە. ئەم خاڵە دەبێت لە لایەن هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی چالاک لە کوردستان ڕێزی لێ بگیرێ. ڕێزدانان بۆ پلۆرالیزمی سیاسی و پەرەپێدانی دیالۆگ و پابەندبوون و ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵک مانا و ناوەڕۆکی ئەو ڕێزگرتن و قەبووڵ کردنەیە.
- گەیشتن بە ستراتێژیی نەتەوەیی هاوبەش خاڵی یەکلاکەرەوەیە لە هەوڵ بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و هاوپەیمانیی بەرینی حیزبە کوردستانییەکان و خاڵێکی سەرەکیی کاری کۆمەڵەی دەبێت.
- حیزبەکانی کوردستان دەبێت هەوڵ بۆ سڕینەوە و لەمەیدان بەدەرکردنی یەکدی کۆتایی پێ بێنن و بنەمای پەیوەندییەکانی هەوڵ بۆ دۆزینەوە خاڵی هاوبەش و دەرفەتی هاوپشتی و هاوکاری بێت.
- کوردستان و بزووتنەوە پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕانەکەی دەخوازن کە حیزبەکانی بەڵێنی قەدەغەبوونی بەکارهێنانی زۆر و دەست بردن بۆ چەک بۆ چارەسەری کێشە سیاسییەکانیان پێ بدەن. ئەم بەڵێنە لە درێژەی خۆیدا بە نەمانی هێزی نیزامیی حیزبی و دامەزرانی هێزێکی نیزامیی ناحیزبی و گشتیی کوردستانی دەتوانێ بەر بە هەر جۆرە بەکارهێنانی هێز و زۆر لە کێشە سیاسییەکاندا بگرێ و ئەو کێشانە بە دەنگی خەڵک یەکلایی بکرێنەوە.
- حیزبەکانی کوردستان دەبێ پابەندیی خۆیان بە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی لە هەموو ئاستەکاندا نیشان بدەن لە گرنگترینی ئەو خاڵانە دژایەتی نەکردنی بەرژەوەندییەکانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بەشەکانی دیکەیە.
- هاوپەیمانی لەگەڵ دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان لە بەشەکانی دیکە و پێکهێنانی هاوپەیمانی دژی بزووتنەوەی کوردستان لەو بەشانەدا یارمەتیی درێژەی داگیرکەری و ستەم لە کوردستان بە گشتی دەدا و پێچەوانەی پرەنسیپ و بەها ڕزگاریخوازانەکانی بزووتنەوەی کوردستانە.

## کۆمەڵە و نەتەوەکانی تری ناو جوگرافیای سیاسیی ئێران

دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران لە ڕابردوو و ئێستاشدا لەسەر بنەمای بێمافکردن، تواندنەوە و سەرکوتی نەتەوەکان و سازکردنی نەتەوەیەکی ساختە دامەزراوە. حکوومەتەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی داگیرکەرانە و زاڵمانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مافخوازیی نەتەوەکاندا کردووە.

سەرەڕای سەرکوتکرانی بەردەوامی نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران، بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە مافەکانی لەم ساڵانەی دواییدا هەم لە بواری هێز و هەم لە بواری ناوەڕۆکەوە گەشەی کردووە و بەهێزتر بووە. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، خووزستان، ئازەربایجان، بەلووچستان و هتد.... ڕوو لە گەشەن و نەتەوە بندەستەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی ئێران خوازیاری سەربەستی و مافی خۆیان بۆ بڕیاردان لە سەر وڵاتی خۆیان و نەمانی ستەمی نەتەوەیی و کۆتایی پێهاتنی ملهۆڕی حکوومەتی ناوەندی، میلیتاریزم و شۆڤێنیزمی نەتەوەیی و ئایینی، لە ئێرانن.

کۆمەڵە وەکوو هێزێکی چەپ و پێشکەوتنخواز بە ئەرکی خۆی دەزانی سیاسەتەکانی کۆماری داگیرکەری ئیسلامی بۆ پەرەدان بە ناکۆکی نێوان نەتەوە ژێردەستەکان پووچەڵ بکاتەوە و ڕۆحی هاوکاری و هاوپشتی و پێکەوە هەڵکردن پەرەپێبدات و نەهێڵێت پیلانە شۆڤێنیستییەکانی حکوومەتی ئێران کەلێن بخاتە نێو ڕەوتە مافخوازەکانی میللەتان.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکان بە مافێکی بێئەملاوئەولا و حاشاهەڵنەگر دەزانێت و لەسەر ئەو بڕوایە هاوکاریی نێوان نەتەوە بێمافکراوەکان لە دژی حکوومەتی ناوەند بۆ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی لەم قۆناغەدا یارمەتیدەر و پێویستە.

## پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆمەڵە

خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات کوردستان بۆ ئەوەی شانسی خۆی بۆ سەرکەوتن زیاد بکا جیا لە پشتبەستن بە خەباتی جەماوەری و هاوکاریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە خاڵی سەرەکی و گرنگترین ئەرکە، پێویستی بە ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای دۆزی ڕەوای کورد لەو بەشەی کوردستان هەیە و هاوکات ڕاکێشانی پشتیوانیی بۆ ئەو خەباتە هێز و وزەی زیاتر دەداتە بزووتنەوەکە. بۆیە کورد لە ڕۆژهەڵات پێویستی بە دیپلۆماسیی کارامەی پشتبەستوو بە هێزی جەماوەری خەباتکار هەیە و دەبێت بتوانێت لە ناوەندە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکاندا چالاک و بەرچاو بێ و سۆز و یارمەتی و هاوکاریی لایەنە پێشکەوتوو و حیزبە چەپ و دیموکرات و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و بیروڕای گشتی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. لەو پەیوەندییانەدا پێویستە کۆمەڵە مەرجی هاوتەرییبوونی ئەو هەوڵ بۆ نزیکبوونەوانە لەگەڵ ڕێزدانانی لایەنی بەرامبەر بۆ خەباتی نەتەوەی کورد بۆ مافی سەروەریی خۆی و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی، بپارێزێ. هیچ یارمەتی و هاوکارییەک لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتان و ڕێکخراوەکان نابێ پێچەوانەی بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵە و بەرژەوەندە گشتییەکانی نەتەوەی کورد بێت.

## کۆمەڵە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە نوێنەرایەتیی مەیل و مافی جیاواز دەکەن و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان و ڕێخۆشکردن بۆ مەیل و خواستەکان هەوڵ دەدەن، بەشێکی جیانەکراوەی کۆمەڵگان. بوون و گەشەی بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر داهاتووی کوردستان کاریگەریی ئەرێنی دەبێت و یارمەتیدەری دامەزرانی سیستمێکی پێشکەوتووی هەمەلایەن و هەمەڕەنگە و ڕێخۆشکەری کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک و ئەمرۆییە.

ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە کۆمەڵگای کوردستانیان ڕێکخراوتر، مۆدێرنتر، سیاسیتر و لێکئاڵاوتر کردووە. دەوڵەمەندکردن و بەشداریی گەرموگوڕ لە رێکخستنی ئەم بزووتنەوانە یەکێکی دیکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی کۆمەڵە

له کوردستانه و پەرەسەندن و بەهێزبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیدەر و ڕێخۆشکەری ئەو ئامانج و ئاواتانەیە کە بنەمای سیاسەت و ڕوانینەکانی کۆمەڵەن. کوردستانێک کە لە باری بزووتنەوە مەدەنییەکانەوە بەهێزتر و چالاکتر بێ بەستێنێکی باشتر و لەبارترە بۆ کاری ڕزگاریخوازانە، دادپەروەریخوازانە و یەکسانیخوازانە. ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە داهاتووی کوردستاندا بەشێکی گرنگی پاراستنی ئازادییەکان و مافەکانی خەڵک دەبن و ڕێگە لە سەرەڕۆیی دەسەڵات و سیستەمی سیاسی دەگرن.

ئەم بزووتنەوانە نابێت بکرێنە تریبۆنی پڕوپاگەندەی حیزبی و سەربەخۆییان لێ بستێندرێتەوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کە هاوکات لەگەڵ سەربەخۆبوونیان و هەڵقوڵانیان لە مەیل و ویستەکانی خەڵکی کوردستانەوە، لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی و سیاسیی گشتیدان، پەیوەندیی خەباتکارانە و مافخوازانەیان دەورێکی گرنگی لە پێشکەوتن و سەرکەوتنی بزووتنەوەی گشتیدا هەیە و یارمەتیدەر و ڕێگەخۆشکەری کۆمەڵگایی ئینسانی و شیاوی مرۆڤ لە داهاتووی کوردستانن.

سەندیکا کرێکارییەکان، ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی ژنان، ئۆرگانەکانی بەرگری لە مافی کەمینە ڕەگەزی و جنسییەکان، دامەزراوە خوێندکارییەکان، ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە، ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان، گرووپەکانی دژایەتیی ئیعدام و ئەشکەنجە و دەیان ڕێکخراو و ئۆرگانی مەدەنیی دیکە لە کوردستان نیشانەی بەرزبوونەوەی ئاستی چالاکیی مەدەنی لە کوردستان و زیندووبوونی کۆمەڵەگای کوردستان لەو بوارەوەن.

## کۆمەڵە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان

لە کوردستان، پاش ڕێبەندانی ٥٧ خەباتی کرێکاری و ڕێکخراوە کرێکارییەکان گەشەیەکی باشیان بە خۆیانەوە بینی بەڵام  هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و بەرگریی پێشمەرگانە دژی ئەو هێرش و شەڕە سەپاوەی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان دەرفەتی لە شێوە مەدەنییەکانی خەبات و لەوانە خەباتی کرێکاران سەندەوە بۆ ئەوەی بە شێوەی سەربەخۆ درێژە بە چالاکییان بدەن.

بە درێژایی هەموو ساڵانی دواتر خەباتی کرێکاریی لە کوردستان بەردەوام بووە و چالاکانی خۆی پەروەردە کردووە کە کەوتوونەتە بەر هێرشی دەزگای سەرکوتی حکوومەت و زیندانی و ئیعدام کراون. بێجگە لە سیاسەتی گشتیی حکوومەتی ئێران لە دژی کرێکاران و چینە ژێردەستەکان، شەڕی ئابووریی دەسەڵاتی ناوەند و لە دەیەکانی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی دژی کوردستان وای کردووە کە ناوەندە گەورە پیشەسازییەکان لە کوردستان نەبن و نەبوونی ناوەند و کارگە کارخانەی گەورە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کرێکاری و توانای ڕێکخستن و کۆکردنەوەی هێزی ئەو بزووتنەوەیە داناوە.

کۆمەڵە حیزبی خەباتکاری ڕێگەی ڕزگاریی چەوساوەکانی کوردستانە و ڕێکخستنی خەباتی کرێکاران و چینە کەمداهاتەکانی کوردستان و پشتیوانی و یارمەتی بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاری لە چوارچێوەی کاری سوسیالیستیی خۆیدا دەبینێت. بوونی ڕێکخراوەی سەربەخۆی کرێکاری و شوورا و سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی چینی چەوساوەی کۆمەڵگا لە ئاکامی خەباتیدا لە ژیانێکی شیاو بەهرەمەند بێ .

داڕێژرانی یاساکانی کار و دیاریکرانی ئاستی حەقدەست و هەر مەسئەلەیەکی پەیوەندیدار بە دۆخی کار و ژیانی شوێنی کاری کرێکاران دەبێت بە بەشداریی دیاریکەری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران و پەسەندی ئەوان بێ. شێوەکانی ناڕەزایی دەربڕین بۆ کرێکاران دەبێت بە ڕەسمی بناسرێن و مانگرتن وەکوو ئامرازێکی گرنگی کرێکاران لە خەباتیاندا دەبێت ڕێگەپێدراو بێت.

## له گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا

حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەسەڵاتێکی دژە خەڵکیی و دژە ئازادییە کە بە زاڵکردنی دیکتاتۆرییەکی ئایینی و پۆلیسی ڕێگری سەرەکیی دامەزرانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک و سێکولارە. ئەو حکوومەتە لە کاتێکدا لەگەڵ ڕق و بێزاریی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک و تەریککەوتنەوە لە کۆمەڵی نێونەتەوەییدا بەرەوڕووە بە پشتبەستن بە توندوتیژترین سیستێمی پۆلیسی و دیکتاتۆریی ئایینی درێژە بە دەسەڵاتی خۆی دەدا.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران داهاتووی کۆمەڵگەی خستووەتە مەترسییەوە و ئاسەوارانی لەسەر ژیانی نەوەی داهاتوو، مەترسیدارن. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئابووریی وڵاتی وێران کردووە و بەشەکانی بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی پیشەسازی و ئەو بەشانەی دەبنە هۆی دروستبوونی کار بۆ خەڵک مانایەکیان نەوامەوە و بەرزبوونەی ڕێژەی بێکاری لە ئاکامەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەیە و ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی گەیشتووەتە لێواری لێکترازانی ئابووری، ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و سیاسی.

کرێکاران، ژنان، نەتەوە ژێردەستەکان، خوێندکارانی زانستگە، ڕۆشنبیران، پارێزەرانی ژینگە، بنەماڵەی پەلکەزێڕینە و لاوان لە شەڕێکی بەردەوام لەگەڵ ئەو حکوومەتەدان کە هەموو مافەکانیانی پێشێل و زەوت کردووە. هەرجۆرە بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوە ژێردەستەکان و توێژە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بەرهەمی شێلگیری و لەخۆبوردوویی خەڵک و هەوڵی بێوچانی خەباتکارانە.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەسەڵاتێکی دژە ژن، پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و پشتیوانی تیرۆریزم و تیرۆریستان و هاوکاری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ نائەمنکردنی ناوچەکە و جیهان ناسراوە.

کۆمەڵە وەک حیزبێکی کوردستانی و بەشێک لە ڕەوتێکی چەپ و شۆڕشگێڕ و دیموکرات، بوونی رژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕێگری سەرەکیی ڕێگەی گەیشتن بە هەموو ماف و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان دەزانێت. کۆمەڵە بەشداریی چالاکانەی خۆی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانە دژ بە رژیمی ئێران هەروا درێژە پێدەدات. پشتیوانی لەهەر چەشنە جووڵە و خەباتێکی جەماوەریی خەڵک و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کرێکاران، ژنان، نەتەوە ستەملێکراوەکان، رۆشنبیران، خوێندکاران، کەمایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و لاوان دژی بە حکوومەتی ئێران دەکات و بۆ بەهێزکردنی ئەو بزووتنەوانە هەوڵ دەدات.

کۆمەڵە چارەنووسی ڕەوتی چەپی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراندا بەلاوە گرنگە و خوازیاری زۆرترین هاوکاریی و هاوئاهەنگییە لەگەڵیان. ئەگەرچی ئێمە نابین بە بەشێک لە هیچ حیزبێکی سیاسی کە خۆی وەکوو حیزبی "سەراسەری" لە ئێراندا پێناسە دەکا، بەڵام ئامادەین بۆ هاوکاری ڕێکخراوگەلی ئازادیخواز، دیموکرات و سوسیالیستیی لە ئێران، کە لە پراکتیکدا دیفاع لە ماف و ئازادی نەتەوەکانی ناو ئێران و کۆمەڵگای مەدەنی و سیکۆلاریزم و ئازادیەکانی تاک و مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

هاوکات لە مەیدانی خەبات دژی حکوومەتی ئێران کۆمەڵە پشتیوانی لە بزووتنەوە مافخوازانەکان بە گشتی و بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان بەتایبەتی دەکا و خەبات و چالاکییەکانی ئەوان لە دژی حکوومەتی ئێران بە گرنگ و کاریگەر دەزانێت.

ئێمە بۆ بەهێزکردنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، بڕوامان بە پێکهێنانی بەرەی دیموکراتیکی خەڵکییە. کۆبوونەوەی بەرینترین هێزەکانی لایەنگری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەتوانێت توانا و وزەیەکی زیاتر ببەخشێتە بزووتنەوە جەماوەری و ئازادیخوازەکان. کۆمەڵە بەڕەسمییەت ناسینی مافی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و بەرگری لە خەباتە دیموکراتیک و ڕزگاریخوازانە و ئازادیخوازانەکەی بە مەرجی چوونە ناو هەر ئیئتیلافێک لە ئێران دەزانێت.

## بایەخ و بنەما گشتییەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات

لەم بەشەدا بنەماکان و ڕوانینی ئێمە لە سەر چۆنیەتیی دەسەڵات و حکوومەت و ناوەڕۆکەکەیان نەک شێواز و فۆرمی دەسەڵات لە چەند خاڵێکدا خۆی دەردەخات.

- بەشی یاسادانان، بەشی بەڕێوەبەری و ڕاپەڕاندنی کارە دەوڵەتییەکان و دەزگای قەزایی لێک جیا دەکرێنەوە و سەربەخۆ دەبن.
- سیستێمی فرە حیزبی و پلورالیزمی سیاسی، ئازادیی تەواوی چالاکیی سیاسی بۆ کەمینە سیاسییەکان لە کۆمەڵگادا دەپارێزرێت.
- سیکۆلاریزم، باسی ئایین و تاکەکەسی بوون و ڕێگەنەدان بە ئایین بۆ کارتێکردن لە یاسادانان، بەڕێوبەری وڵات و جێبەجێکردنی یاسا و دەزگای داد
- سیستەمی دەسەڵات لە کوردستان دەبێت لە سەر بنەمای بەشداریی زۆرینەیی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووس و چۆنیەتیی دەسەڵات و بەڕێوبەردن و بەکارهێنانی سامانی وڵات و دابینکرانی مافە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان دادمەزرێ.
- کەمایەتییە نەتەوەییەکان لە کوردستان وەکوو هەموو شارومەندان ڕێزیان لێ دەگیرێ و مافی شارومەندیی دانیشتوانی غەیری کورد لە کوردستان پارێزراوە .
- ئازادیی سیاسیی، ئازادیی ڕادەربڕین، مافی سازکردنی کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین، ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسیی و سینفی، ئازادیی چاپ و بڵاوکردنەوە، ئازادیی حیزبەکان، ئازادیی ئایینیی، ئازادیی هەڵبژاردنی شوێنی کار و ژیان بەشێک لەو ماف و ئازادییانەن کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیک دەبێ دابین بکرێن.
- مافی شارومەندی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، بیروبڕوا، نەتەوە، بڕوا بە ئایینێکی تایبەت یان بێبڕوا بوون بە ئایین، ژن یان پیاو یان ڕەگەزی دیکە بوون و هتد بۆ هەموو تاکێک سەلماوە و هاووڵاتییان لە باری مافەکانەوە یەکسانن.

- تەمەنی بەشداری لە هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن ١٨ ساڵە
- یەکسانیی ڕەگەزی لە هەموو بوارەکانی یاسایی، بەشداری لە دەسەڵات، خانەوادەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسیی و کولتووریی و دەزگای داد دەبێت ڕەچاو بکرێت.

## سەبارەت بە بەیانییەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و منداڵان و هتد

کۆمەڵە پابەندبوونی خۆی بە بەیانییەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، پەیماننامەی جیهانیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن بەرانبەر بە ژنان، پەیماننامەی مافی منداڵان و پەسەندکراو و پەیماننامەکانی دیکەی دژی هەڵاواردن و بێمافی ڕادەگەیەنێت و بڕوای وایە ئەو پەیماننامە جیهانییانە لە کوردستاندا دەبێت لەبەرچاو بگیرێن و وەکوو سەرچاوەی یاساکانی وڵات و ڕێنوێن بۆ دانانی دەزگا و دامەزراوەی پێویست بۆ چەسپاندن و پاراستنی ئەو مافانە پەیڕەو بکرێن.

مافی دیاریکردنی چارەنووس، دژایەتیی ئیعدام، قەدەغەبوونی کاری منداڵان، دژایەتیی چەکی کۆکوژ، خوێندنی گشتی و خۆڕایی، دابینکردنی ژیانی شیاو بۆ بەساڵاچووان و کەمئەندامان، نەهێشتنی سزای جەستەیی و ... لە باسە گرنگەکانی داهاتووی کوردستانن کە دەبێت هەوڵیان بۆ بدرێت بۆ ئەوەی لە یاسا و بەڕێوەبردندا لەبەرچاو بگیرێن.

## کۆمەڵە و ئایین

لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە ئایینەکان لە لایەن دەسەڵاتەوە وەکوو ئامرازێک بۆ سەرکوت و ڕێگرتن لە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و زۆر جارێش بۆ دژایەتی خەڵکانێک کە وەکوو دەسەڵاتداران ناڕوانن دونیا و ژیان بەکارهاتووە. لە سایەی ڕوانینە توندئاژۆە ئاینییەکان و دەسەڵاتە دینییەکان و بە ناوی یاسای ئاسمانی هەزاران شەڕی خوێناوی و کۆمەڵکوژی و جینۆساید لە جیهان ڕوویداوە کە پشکی نەتەوەی کورد لەو قوربانیبوونانە زۆرن. هەر لە ئەنفالی خەڵکی کوردستان لە باشووری وڵاتەوە بگرە تا هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی خەبات لەگەڵ کافران و، ئیعدام و کۆمەڵکوژیی خەڵک لە ژێر ناوی دەرچوون لە دین و دژایەتی خودا لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە کە کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا کارنامەیەکی ڕەشی پڕتاوانی هەیە. بۆیە کۆمەڵە مەسئەلەی سیکۆلاریزم و شێوازی سێکۆلاری دەسەڵات بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە پێویست دەزانێت و هەوڵی بۆ دەدات. ئەو خاڵانەی لەم بوارەدا گرنگ و سەرەکەین بریتین لە:

- دین دەبێت لە دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی جیا بێ.
- بڕوا یان بێ بڕوایی بە هەر ئایینێک مەسئەلەی تاکەکەسیی خەڵکە و ئازادە.
- جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی نابێتە ئازادیی و ئارامیی خەڵک تێکبدا.
- نابێت یارمەتی هیچ ئایینێکی دیاریکراو بدرێت و بوودجەیان بۆ دابین بکرێ یان بهێڵێت ئامرازە دەوڵەتییەکان دژ بە ئایین و ئایینزایەک و بە قازانج و بەرژەوەندیی یەکێکی دیکە بەکاربهێنرێن.
- پشتیوانیکردن و پەرەپێدانی ئایین یان دژایەتیکردنی، لە سیستێمی فێرکردن وەلادەنرێ و پەروەردەی کوردستان لەو بابەتەوە بە تەواوەتی سیکۆلارە.

## سەبارەت بە سەرچاوە سرووشتییەکان، ژینگە و ئاسەواری مێژوویی کوردستان

کاپیتالیزمی سەردەم و ڕژێمی ئیسلامیی ئێران وەکوو نموونەیەکی دواکەوتوو و گشتخوازی ئەو سیستەمە، نەک هەر نادادپەروەرانە و ناڕەوایە و مافی زۆرینەی خەڵکی تێدا دەخورێت بەڵکوو بە تێکدانی ژینگە و بەکارهێنانی کۆنترۆڵنەکراوی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ قازانجی زیاتر، داهاتووی مرۆڤ دەخاتە مەترسییەوە هەر بۆیە گرنگیدان بە ژینگە و لەبەرچاوگرتنی پرسی پاراستنی ژینگە لە خاڵە گرنگەکانی کاری کۆمەڵە لە ئەمڕۆ و داهاتووی کوردستانە.

کۆمەڵە خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی نێونەتەوەیی پاراستنی ژینگە دەزانێت و هەوڵدان بۆ ئەو پرسە لە کوردستان بە یەکێک لە ئەرکەکانی خۆی دادەنێت. بەشداریی چالاکانە لە ڕێکخراوەکانی پاراستنی ژینگە بەشێکی جیانەکراوەی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستانە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵە دەبێت هەوڵ بدەن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ لای ئەو مەسئەلەیە و گرنگیی ئەو پرسە زیاتر دەربخەن. ناساندنی بزووتنەوەی جیهانیی پاراستنی ژینگە بە خەڵکی کوردستان و بەکارهێنانی ئەزموونەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان دەبێ لە ئێستاوە وەکوو بەشێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵە چاوی لێبکرێت.

یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و حکوومەتە شۆڤینیستییەکانی دیکەی پێشووی ئێران دەستبەسەردا گرتن و تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکان، تێکدان و تاڵانکردنی ئاسەوارە نەتەوەیی و مێژووییەکان و زەرەر گەیاندن بە ژینگەی کوردستان بووە و ئەو سیاسەتانە ئێستاش بەردەوامن. حکوومەتی ئیسلامی لە چاو دەسەڵاتەکانی پێش خۆی زیاتر و جیددیتر دەستی داوەتە ئەو تاڵان و تێکدانە. کۆمەڵە پاراستنی ئاسەوارە مێژوویی و فەرهەنگییەکانی گەلی کورد بە بەشێک لە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی دەزانێت و دژی سیاسەتەکانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی لەو بابەتەوە خەبات دەکات.